# چێک لیستی کڕینی سۆفتوێر

١٠ خاڵی گرنگ کە لە پێش کڕینی سیستەمێکی بەڕێوەبردنی دەوامی کارمەندان پێویستە لەبەرچاو بگیرێت

## ١ ڕووکارێکی ئاسان (دڵخوازی بەکارهێنەر)
سیستەمێکی بەڕێوەبردنی دەوامی کارمەندانی زۆر باش ، پێویستە زۆر ئاسان بێت تا بەکارهێنەری سیستەمەکە بە ئاسانی بتوانێت بەکاری بهێنێت.

## ٢ دامەزراندنی خێرا و ئاسان
ئاڵۆزی لە دامەزراندن دا دەتوانێت لە داهاتوودا کۆمپانیا یان دامەزراوەکەتان توشی گرفت بکات.

## ٣ پاڵپشتی تەکنیکی
پاڵپشتی بەهێز و وەڵام دەرەوە دەتوانێت ڕەوتی بەکارخستن و بەکارهێنانی لە دامەزراوەکەتان دا زۆر ئاسان بکات.

## ٤ سکیوریتی بەهێز
سیستەمێکی بەهێز پێویستە سکیوریتیەکی بەهێزی هەبێت تا ڕێگر بێت لە دەست گەیشتنی کەسانی ڕێگەپێنەدراو بە داتا و زانیارییەکان.

## ٥ توانای کارکردن لەگەڵ ئامێری پەنجەمۆری جۆراوجۆر
سیستەمێکی بەڕێوەبردنی دەوامی کارمەندان پێویستە بتوانێت لەگەڵ ئامێری پەنجەمۆری جۆراوجۆردا کار بکات.

## ٦ ئاسان لە پێناسەکردنی شەفتی جۆراوجۆر
سیستەمێکی دەوامی کارمەندانی ستاندارد و بەهێز، پێویستە توانایی دروستکردنی هەموو جۆرە شەفتێکی هەبێت وە ڕێگربێت لە گۆڕانکاری دەستی لە شەفتەکاندا.

## ٧ توانای پێناسەکردنی یاسا و ئەحکامەکان
پێویستە سیستەمەکە توانای پێناسەکردنی یاساکان و ئەحکامەکانی دامەزراوەکەی بە ئاسانی هەبێت.

## ٨ فەرمانە کەسیەکان
سیستەمێکی بەهێز سیستەمێکە کە نەرم و نیان بێت بە پێی دامەزراوەکە خۆی بگونجێنێت وە فەرمانە کەسیەکانی بەڕێوەبەران جێ بەجێ بکات.

## ٩ ئەژمارکردنی خێرا
بە هۆکاری پێویست ئەژمارکردنی داتاکان لە کاتە جیاوازەکان ، ئەژمارکردنێکی خێرای دەوامی کارمەندان لە سیستەمەکانی دەوامی کارمەنداندا یەکێکە لە خاڵە سەرەکیەکان.

## ١٠ ماوەی بەکارخستن و کەوتنە سەرکاری سیستەم
سیستەمێکی بەڕێوەبردنی دەوامی کارمەندانی زۆر باش پێویستە بە شێوازێک دیزاین کرابێت کە بەکارخستن و کەوتنەسەرکاری لە ماوەیەکی زۆر کەم دا بە ئەنجام بگەیەندرێت.